گۆتێرێس جەختیکردەوە لە پێویستی بەرزکردنەوەی هاوکارییەکانی نێوان عێراق و نەتەوەیەکگرتووەکان

سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەنتۆنیۆ گۆتێرێس، جەختی لە پێویستی بەهێزکردنی هاوکارییەکانی نێوان عێراق و نەتەوەیەکگرتووەکان لە روبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکان کردەوە.

وەزارەتی دەرەوە لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە: جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە فوئاد حسێن، لە پەراوێزی سەردانەکەی بۆ نیویۆرك لەگەڵ سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەنتۆنیۆ گۆتێرێس کۆبووەوە تیایدا ئەمینداری گشتی پێشوازی لە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی گروپی 77 و چین لەلایەن عێراقەوە کرد و پیرۆزبایی لە وەزیر کرد.

بەگوێرەی بەیاننامەکە، گۆتێرێس جەختی، لە گرنگی گروپەکە وەك هاوبەشێکی ستراتیژی لە پاڵپشتیکردنی کارنامەی لوتکەی داهاتوو کردەوە و هەروەها ستایشی ڕۆڵی لە پێشخستنی گەشەپێدانی بەردەوام و تواناسازی وڵاتانی تازەپێگەیشتو کرد بۆ بەدەستهێنانی پێشکەوتن لە بوارە جیاوازەکاندا.

تەئکیدیشیکردەوە: لە پێویستی بەرزکردنەوەی هاریکاری نێوان عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییە هاوبەشەکان و بەرزکردنەوەی پێگەی عێراق لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی.

لای خۆیەوە فوئاد حسێن، سوپاسی خۆی بۆ ئەمینداری گشتی دەربڕی بۆ هاوکارییە بنیاتنەرەکانی لەگەڵ عێراق، هەروەها ستایشی هەوڵەکانی نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عێراق (یونامی) و

د□ستک□وت□کانی ل□ ماو□ی □ابردوودا کرد.